# (Pitbull)ەکانی"خودا"

**سەلام عەبدوڵڵا**

هەر سێ ئاینە"ئاسمانییەکان" دووبارەی ئەو بۆچوونە دەکەنەوە کە خودا، کەمالی ڕەها و خالقی مرۆڤ و گەردوونە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا بوونێک بەو مەزنی و مەعریفە لە ڕادەبەدەرە بێ، فەرمانی مل و دەست و قاچبڕین دەدا؟

لە ڕۆژی 31ی ئابی ڕەشدا، 12کرێکاری نیپالی سەربڕان و گولەباران کران؛ 12ئیمامی(هەمەلایا)یی کۆمەڵکوژ کران، ئیمرۆ (Pitbull)ەکانی خودا، بەناوی ئایەتی: (السائق، ما السائق، وما ادراک ما السائق)سێ شوفێری خەڵکی تورکیایان کوشت؛ لە(ئۆسیتیا)ش بەناوی خودا و ئایەتی29ی سوورەتی تەوبە:(وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوداو پێغەمبەری خودا بە ناوەڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بە ئەنگۆ دەدەن)، هەڕەشە لە ژیانی 200منداڵ دەکەن. ئایا جیاوازی لە نێوان سوورەت و تاوانی(ئەنفال) و ئەم تاوانانە هەیە؟ ئایا ئەم ئایەتانە مانای ناوەکی و دەرەکی، مەبەستی گشتی و تایبەتی، دەق و بڕیاری نامۆ و نادیارن؟ ئایا تێگەیشتن لەو جۆرە ئایەتانە، پێویستی بە مەعریفەتێکی تایبەتی دەکا؟!

وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانین، بەڵام بیانووەکانی تێنەگەیشتن لەو جۆرە دەقانە، بۆ (پیتبول)ەکانی خودا و بۆ ئەو کەسانە کە بە نیگەرانییەوە هاوار دەکەن"ڕێزبگرن، ڕێزبگرن لە ئیسلام، ئەوانە پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە.... هتد، جێدەهێڵین!

ئەدۆرنۆ گوتی(پاش ئاوسشڤیتش شیعر ناگوترێ)، بەهەمان شێوە، پاش دیتنی وەحشیگەرێتی سەربڕینی مرۆڤ بەناوی خودا و قورئانەوە، شوێنی خۆیەتی بگوترێ، تاوانبارە ئەوەی تۆسقاڵێک بەرگری لە ئیسلام دەکا یا سۆز و ڕێز بۆ ئیسلام بنوێنێ؛ تاوانبارە ئەوەی بە ئاشکرایی بەشداری لە بەربەرەکانی ئەو دەقە ڕزیوە نەکا...

بمبوورە موزەفەر نەواب، گەر ئیمرۆ ئیمامی عەلی بگەڕێتەوە، دەبوو بە یەکێک لەو(پیتبول)انەی مرۆڤ سەردەبڕن، مرۆڤ زیندەبەچاڵ دەکەن، وەک ئایەتوڵڵاکانی ئیران و پارێزەرانی ماڵی خودا لە سعودییەی عەرەبی و لەشکری ئەهلی سوننە و ئیسلام و ئەوانی تر، سزای دەست و قاچ و زمانبڕینی دەدا یان بیانووی بۆ دەهێنانەوە!

خۆزگە دڵم ڕاوەستبا؛ خۆزگە چاوە کزبووەکەم، بەیەکجاری کوێر ببوایە؛ نەک بژیم و چاوم بکەوێ بە ڕوخساری شاراوەی کوڕە گەوادەکان و چەقۆی دەستیان و چۆنییەتی سەربڕینی مرۆڤ.

تف لە"خوایەک"، بڕیاری سەربڕینی داوە

تف لە کتێبێک بانگەوازی سزای سەربڕینی تێدایە

تف لەوەی لە ئاستی ئەم وەحشیگەرییە بێدەنگ دەبێ...

تف لەوەی، بیانوو بۆ ئیسلام دەهێنێ و دەنووسێ(ئیسلام ئاینی ئاشتی و برایەتی و تەباییە)

دیمەنی سەربڕینی مرۆڤ، 3000ساڵی پێش ئێستای، سڕییەوەو ئێستا ئیتر دەسپێکی دامەزراندنی سەردەمێکە، ئەقڵ و هۆش و بیر و کتێب و مێژووی سەربڕینی مرۆڤ بنبڕ بکرێ!